بەش : زمانی كوردی

كۆلێژ : پەروەردە

زانكۆ : سەلاحەددین

بابەت : واتاسازی ـ كۆرسی یەكەم

پەرتووكی كۆرس : (ساڵ -١١)

ناوی مامۆستا : م.ی . عبدالباقی اكرام احمد

ساڵی خوێندن : ٢٠٢٤/٢٠٢٣

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی کۆرس | سالآنە |
| ٢- ناوی مامۆستای بەرپرس | عبدالباقی اکرام احمد |
| ٣-بەش / کۆلێژ | زمانی کوردی / پەروەردە |
| ٤- پەیوەندی | ئیمێل : Abdulbaqi.ahmad @su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بە پێی ئارەزوو) : |
| ٥- یەکەی خوێندن بە سەعات لە هەفتەیەك | تیۆری : (٣×٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا<br>پراکتیکی : نییە |
| ٦- ژمارەی کارکردن | هەموو رۆژەکانی دەوام لە بەش ئامادە دەبم بەمەبەستی وانەوتنەوە وسەرپەرشتی قوتابییانی پۆلی چوارەم لە پرۆژەی دەرچوون |
| ٧- کۆدی کۆرس | |
| ٨- پرۆفایەلی مامۆستا | * لە ساڵی (١٩٩٧-١٩٩٨) بروانامەی بەکالۆریۆسم لە زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە/ بەشی کوردی بەدەستهێناوە .<br><br>* لە ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) بڕوانامەی ماستەرم لە زمانی کوردی لە پسپۆری واتاسازیی _ پراگماتیك بە دەستهێناوە |
| ٩- وشە سەرەکییەکان | زاراوەی واتاسازیی ، پێناسەی وتاسازیی، مێژووی سەرهەڵدانی واتاسازی ، هیما وجۆرەکانی ،مێژووی سەرهەڵدانی واتاسازیی، یەکەی واتایی ،بۆچوونەکانی واتا ، پێناسەی چەند زانایایەك سەبارەت بە واتا ، ئۆلمان ، فێرس ، هاوواتایی ومەرجەکانی ، دژواتا و هاوبێژی جۆرەکانی و هاپێۆنیم و بواری واتایی و جۆرەکانی |

**١٠- ناوەرۆکی گشتی کۆرس :**

* بابەتی واتاسازییکە لە کۆرسی یەکەم دەخوێنرێت بە پێی پرۆگرامی خوێندنی بابەتەکانی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ گرنگی و تایبە تمەندی خۆی هەیە ، ، گرنگی کۆرسەکە خۆی لە خۆیدا ئەوەیە،کە قوتابی ، چۆن لە شتەکان واتە لە یەکە زمانییەکان مەبەست لە یەکە زمانییەکان وشە و ڕستەکانی زمان بەسشێوەیەکی گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی تێبگات و لێکدانەوەیان بۆ بکات لە روانگەی واتاییەوە ، بێگومان ئەمەش وا پێویست دەکات ،کە قوتابی ئاگادار و شارەزای زمانی دراوسێ و ئەوروپییەکان هەبێت . بۆ ئەوەی بتوانێت درك بەوە بکات ئایا جیاوازی واتا لە زمانەکاندا بوونی هەیە . سەبارەت بە زانیاری ، پێویسە قوتابی دەربارەی ئاستەکانی زمان شارەزایی هەبێت و و رۆلی واتا لە ئاستەکاندا چییە و کاریگەریی لەسەر گۆرینی واتادا چییە .چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەل واتا و گرنگی لە ژیانی رۆژانە و رەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا

١١- ئامانجەکانی کۆرس بەشێوەیەکی گشتی ئاشناکردنی قوتابییە بە زانستی واتا ، بەڵگە نەویستە ئەم لقەی زانستی زمانەوانی لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە و چونکە زمان بەبێ واتا بوونی نییە واتاش بەبێ زمان بوونی نییە ، جگە لەوەش قوتابی هاندەدرێت ئەوە بزانێت ،کە واتا هەموو بوارەکانی ژیانی گرتووە و رۆلی تایبەت و گرنگی هەیە و پرۆسەی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن لە میانەی ئەم ئاستەوە دێتە ئاراوە واتە ئەم ئاستەی زمان گرنگییەکی زۆری هەیە

**١٢- ئەرکەکانی قوتابی**

دیارە قوتابی چەند ئەرکێکی لە ئەستۆدایە ، لەوانە

١- ئامادەبوونی قوتابیان وەك ئەرك بە پێی رێنماییەکان لە موحازەرەکان پێش مامۆستای بابەت لە هۆلی دیاریکراودا .

٢- بە شداری لە گفتوگۆکانی بابەتەکە بکات بەمەرجی زانستی و ئەکادیمی بێت بۆ سوود وەرگرتنی قوتابیان بێت .

٣-قوتابیان هەوڵی بە دەستهێنانی سەرچاوەی پێویست تایبەت بە بابەتەکەبدەن بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زانیارییان .

٤-وەك رێنماییەکان پێویستە قوتابی بەشداری بکات لەو تاقیکردنەوانەی کە لەلایەن مامۆستای بابەتەوە دیاریدەکرێت .

٥- قوتابی بەرپرسیارە لە نەهاتنە ژوورەوە لە کاتی دیاریکراو

٦- قوتابی پیویستە سەردانی پەرتووکخانەکان بە تایبەتی پەرتووخانەی زانکۆ بە مەبەستی بەدەستهێانی زانیاری و ئامادەکردنی بۆ سیمینار و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی دەرچوونی

**١٣- رێگەی وانە وو تنەوە**

ە رێگای هەمەرەنگ گیراوەتەبەر ، واتە روونکردنەوە و پرسیارکردن ، بەشداریکردنی قوتابی لە وەلآمدانەوە و گفتوگۆکردن ، سەرەڕای پێدانی ناوی سەرچاوەی پێوست بۆئەوەی بابەتەکان لەبەر دەستیان بیت . بەمەبەستی ئاسنکاری کە لەسەرەتای ساڵەوە و لە یەکەم موحازەرە دا دەدرێتە قوتابی.

**١٤- سیستەمی هەڵسەنگاندن**

پرسیارەکانی ئەزموونەکان گشتگردەبن و شێوازی پرسیارەکان لە روونکردنەوە و جیاوازی و هەڵە وراست هەروەها هۆو هەلبژادن دەبێت، سەرەڕای ئەوەش ئە نجامدانی کویزە کە بەلایەنی کەمەوە چوار کویز ئە نجامدەدرێت بە پێی کات

**١٥- دەرئە نجامەکانی فێربوون**

* ئامانجی سەرەکی لەخوێندنی بابەتی وتاسازی ئاشنابوونە بەو ئاستە گرنگەی زمان ، لە ڕووی ئاشنابوون بە چەمك و زاراوەکانی بواری واتا و مێژووی لێکۆڵینەوەکانی واتا و ئەو بۆچوونانەی بۆ لێکدانەوەی واتا هەیە

* سەبارەت بە گونجانی ناوەرۆکی کۆرسەکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد بابەتی واتا سازی زۆربەی بوارەکانی ژیان لە خۆ دەگرێت بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت لە دوو قوناغدا بخوێنرێت بێگومان قوتابی گرنگی خوێندنی بابەتی واتاسازیی بۆ دەردەکەوێت .

وەکو بابەتێکی خوێندن لە میانەی جیاکردنەوەی وەکو ئاستێکی زمان و پەیوەندی و کاریگەری بە ئاستەکانی ترەوە ، چونکە ئەم بابەت زۆر وردە و پێویست بەوەدەکات زیاتر لە قۆناغێکدا بخوێندرێت.

١٦- ليستى سەرچاوە كان

## سەرچاوەكان : سەرچاوە بنەڕەتى و سوودبەخشەكان+ گۆڤار ، ئەنتەرنێت كە لەم ساڵەدا پێويستە.

## سەرچاوە بنەڕەتييەكان


١- طالب حسين على ( ٢٠١١ ) ، واتاسازى چەند بابەتێكى لێكدانەوەى وشە ، چاپى يەكەم ، چاپخانە رۆژهەلآت ، هەولێر

٢- احمد مختار عمر ( ١٩٨٢ ) ،علم الدلاله مكتبه دار العروبه ، الكويت

٣- عبدالواحد مشير ( ٢٠١١ ) ،واتاسازى وشە و ڕستە ، ناوەندى ئاوێر بۆچاپ و بلآوكردنوە

٤-جون لاينز ( ١٩٨٧ )،اللغه و المعنى والسياق ، ت: عباس صادق الوهاب ، بغداد

٥- د. محمد على الخولى( ٢٠٠٠ )،علم الدلاله ، عمان ، دار الفلاح للنشر و التوزيع

٦- محمد محمديونس على( ٢٠٠٧ ) المعنى وضلال المعنى ، دار المدار الاسلامى

٧- دلێر صادق كانبى ( ؟ ) واتسازيى

٨- طالب حسين على ( ٢٠١٩ ) شيكر دنەوەى گوتار چاپى يەكەم ، چاپخانە هێڤى ، هەولێر

٩- يوسف شريف ، واتاسازيى


## سەرچاوە سوود بەخشەكان


١- محمد معروف فتاح ( ٢٠١٠ ) ، زمانەوانى .

٢- محمد محمد يونس علي ( ٢٠٠٤ ) ، مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب ، دار الكتب الوطنية ، ليبيا

٣- بێخاڵ عبدالله سعيد ( ١٩٨٩ ) ،واتاسازى وشە

٤- د. احمد شاميه ، محاضرات فى علم الدلاله

٥- محمود سعران ، علم الدلاله


## گۆڤار و ئينتەرنێت


١- غازى فاتح وەيس ، زمان و پەيوەندى بە مێشكى ئادەميزادەوە ، گۆڤارى رۆشنبيرى نوێ
ژ١٠٠ ، ١٩٨٣

٢- د. صلاح الدين صالح حسنين ، علم الدلاله و اللسانيات

| ١٧- بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| | م.ی. عبدالباقی اکرام احمد<br>( ٣×٢ ) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا<br>١٧/ ٩/ ٢٠٢٢ |
| بابەتەکان | |
| ئاستەکانی زمان | |
| کورتەیەك لەبارەی مێژووی واتاسازییەوە | |
| هیندییەکان ، یۆنانییەکان ، عەرەبەکان | |
| واتاسازی لە ئەوروپا ، ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | |
| هێما وجۆرەکانی | |
| یەکەی واتایی ، جۆرەکانی واتا ، واتای هۆشەکی | |
| واتای بابەتی ، واتای بارکراو | |
| واتای لاوەکی | |
| واتای شێوازی | |
| واتای دەروونی | |
| واتای ئیحائی(ڕەنگدانەوە ) | |
| چەمك و پێناسەی واتا | |
| بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا | |
| بۆچوونی هێمایی ، کەم کوڕییەکانی | |
| بۆچوونی هۆشەکی ، کەم وکوڕییەکانی | |
| بۆچوونی ڕەوشتی | |
| بۆچوونی سیاقی (دەوروبەر) ڕێکەوتن لە بەکارهێنان ، یاساکانی بەکارهێنان | |
| دیاردەی هاوواتایی لە زمانی کوردیدا | |
| چەمك و سنوری هاوواتایی ، مەرجەکانی هاواتایی | |
| جۆرەکانی هاوواتا | |
| (هاوواتای تەواو ، هاوواتای ناتەواو ، نیمچە هاوواتا) | |
| دژواتا | |
| جۆرەکانی (دژواتا تەواو ، دژواتای ناتەواو | |
| ، دژواتای پێچەوانەیی ، | |
| دژواتای ئاڕاستەیی | |
| | |
| هاوبێژی و جۆرەکانی | |

| | |
|---|---|
| | فرواتا و بواری واتایی |
| | |
| نییە | ١٨- بابەتی پراکتیك ( ئەگەر هەبێت ) |
| ناوی مامۆستا<br>وەك : ٣- ٤ كاتژمێر | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بە نیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە .هەروەها کورتەیەك لە ئامانجی هەر یەك لە بابەتەکان و بەرواروکاتی وانەکە دەنووسێت . |

١٩- تاقیکردنەوەکان

نموونەی پرسیارەکان

ئەمەی خوارەوە روون بکەرەوە .

بۆ (( هەر کاتێك وشە یان ڕستە بکەوێتە دەست قسەکەرەوە تێکەڵ بە دەروونییەوە دەبێت ))

چۆن هاوبێژی لای ئەوروپییەکان پێناسە کراوە ؟ پاشان جیاوازی نێوان ئەمانە دیاری بکە .

١- هاوپیت

٢- هاودەنگ

جیاوازی نێوان دژواتای تەواو نانەواوو ناراستەیی لەگەل دژواتای فرجەمسەر

ئەم ڕستانەی خوارەوە بە وشەی یاخود دەستەواژەی گونجاو تەواو بکە .

١- بەشێوەیەکی گشتی ئاستەکانی زمان بۆ ............. دابەشکراوە .

٢- واتاسازی لێکدانەوە، واتا بە........ دەبەستێتەوە ، بێ ئەوەی پێویست بە ........ ،جگە لەوەش باس ........ دەکات.

٣- هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوواتایی بریتین لە ....... و........ و........ و........

٤- وشە لە رووی واتاو بیرەوە دوولایەنی هەیە ، ئەویش بەرامبەر بە ............ و .......... دانراوە .

٥- ئەرستۆ پێی وابوو ، واتا ئەو .......... دەربارەی ............ هەڵگیراوە .

بە وردی ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنە ، ئینجا هەڵە و راستی ڕستەکان دیاری بکە ، پاشان هەڵەکان ڕاست بکەرەوە (٤ نمرە)

١- ئەوانەی بۆچونی هێماییان داناوە ، دەڵێن هەردەم دەبێ هێمابۆکراو هەستپێکراو ودەستنیشانکراو بێت .

٢-چۆمسکی توانی ئیعتبار بۆ دیراسەکردنی واتا بگەڕێنێتەوە ، ئەمەش بوو بە یەکێك لە دوو پێکهێنەرەکانی زمان .

٣- لە زمانی کوردیدا سێ جۆر هاوبێژی هەیە.

| |
|---|
| |
| **٢٠- تێبینی تر**<br>بابەتی واتاسازی پێویستی بە تەواکەر ە ئەویش بریتییە لە پراگماتیك ،کە لە کۆرسی دووەم دەخوێندرێت تاوەکو قوتابیان ئاسانتر لە واتا بەشێوەیەکی گشتی تێبگەن ، بۆیە بە پێویستی دەزانم واتاسازیی لە دوو قۆناغدا بخوێنرێت. چونکە بابەتەکە زۆر قووڵ و وردە |
| **٢١- پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>ئەم کۆرسبووکە دەبێت لە لایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەرۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند وشەیەك بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەرۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات .<br>هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت . |